# BO KURDISTAN

NO:(44) | پارتی ئازادیی کوردستان دەری دەکا | January 2012 | ژماره [۴۴]


# تازەکانی پزیشکی
## بەشی ۴ و ۵

### کەڕیی بەهۆی جگەرەکێشانی پاسیڤ

بەپێی لێکۆڵینەوەی تۆێژەرانی ئەمریکی لە زانستگەی میامەی



(Miami)، زانستگەی ناونەتەوەیی فلۆریـــدا، تاقیگـــەی ســـتارکەی (Starkey Laboratories) و کۆمپانیـــای تێکنۆلـــۆژی بیســـتن لە مینەســـۆتا، کە لـــە ۱۵ی نوامبری ۲۰۱۰ لـــە گۆڤـــاری The journal Tobacco Control لـــە بریتانیا بـــڵاو بۆتەوە، نەتەنیا جگەرەکێشـــان هـــۆی چوونەســـەرێی مەترســـی کەڕییە لە جگەرەکێشـــەکان، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر لەو کەسانەشە کە بەشێوەیەکی پاسیڤ جگەرە دەکێشن.

### ئالێرژی ماچ

بەبڕوای تۆێژەرانی ئەمریکـــی کەلەAnnual Scientific



Meeting of the American College of Allergy, Asthma and Immunology, Phoenix, Arizona بـــڵاو بۆتەوە، مـــاچ کـــردن دەتوانێ هۆی سەرهەڵدانی ئالێرژی لەو کەسانەدا بێت کەهاوڕێکەی چێشت یا دەوایەکی خواردوەکەئەو ئالێرژی بەوان هەیە. ئالێرژی ماچ زۆرتر لەو کەسانەدا دەبیندرێ کەئالێرژیان بەخواردەمەنی و دەوا هەیە. نیشانەکانی ئەم چەشنەئالێرژیەبریتین لەماسینی لێـــو و گـــەرو، خورینی لـــەش و دەنگ نووســـان. لەئەمریکا لەســـەدی ۲ تا ۳ی خەڵکی پێگەیشـــتوو و ۵ تا ۷ لەســـەدی منداڵان ئالێرژیان بەم چەشنەخواردەمەنییە هەیە.

### هاتنەخوارەوەی مەترسی شیرپەنجەی ڕیخۆڵە بەیارمەتی دۆزی کەمی ئاسپرین



بەپێـــی لێکۆڵینـــەوەی پیتێر ڕۆتویل (Peter Rothwell)، پرۆفســـۆری نورۆلـــۆژی زانستگەی ئاکسڤۆردی بریتانیا و هاوکارەکانـــی کەلەگۆڤـــاری لەنســـێت(The Lancet)دا بـــڵاو بۆتەوە،بەکارهێنانـــی ئاســـپرین بەدۆزی کـــەم (۷۵ میلی گرەم) مەترســـی ڕادەی سەرهەڵدان و مردن بەهۆی شیرپەنجەی ڕیخۆڵەکەم دەکاتەوە. شـــیرپەنجەی ڕیخۆڵەدووهەمین شـــیرپەنجەی بەرچاو دوای شیرپەنجەی ســـییەکان لەوڵاتەپێشـــکەوتووەکانە. بەبڕوای ئەم تۆێژەرانە، ئاســـپرین هۆی هاتنەخوارەوەی سەرهەڵدانی شیرپەنچەی ڕیخۆلەلەسەدی ۲٤ و مردن لەسەدی ۳٥ ـ ٥.

### مەترسی نەخۆشی دڵ لە ژنان و کاری پڕ لە سترێس

بەپێی لێکۆڵینەوەی توێژەرانی نەخۆشـــخانەی ژنانی بۆستۆن



لە ماسەچووسەتی ئەمریکا کەلەAmerican Heart Association›s Scientific Sessions Chicago today , ۲۰۱۰ دا بـــڵاو بۆنـــەوە مەترســـی ســـەکتەی دڵ و مێشـــک، مردنی لە ناکاو و پێداویستی بەنەشتەرگەری بای پەسی دڵ و ئانژیوپلاستی لەو ژنانەی کە کاری پر لە سترێسیان هەیە لە بەراوەرد دەگەڵ ژنانی تردا تا ٤٠٪ لەسەرترە.

### خواردنەوەی نووشابە(ساردی) بەفروکتۆزی زۆر و بەرز بوونەوەی مەترسی نەخۆشی نقرس لەژناندا



بەپێـــی بابەتێـــک کەلەلایـــەن توێژەرانـــی زانســـتگای پزیشـــکی بۆستۆن لەماسەچووســـەتی ئەمریکا لەگۆڤـــاری جامـــا Journal of the American Medical Association دا بڵاوبۆتـــەوە، لەو ژنانەی کـــە بە شـــێوەیەکی بەردەوام نووشابەی پڕ لەفرۆکتۆز(چەشنەشەکرێک) وەک ئاو پرتەقاڵ و سۆدا دەخۆنەوە، بەهۆی بوونی ئەسیدی ئوورەلەم نووشابانەدا، مەترســـی نەخۆشـــی نقرس تا ۷٤٪ زۆرتر لەو کەســـانەیە کە تەنیا جارێک لەمانگدا ئەم چەشنە نووشابانە دەخۆنەوە.

### مامۆگراڤی ساڵانە و هێنانەخوارەوەی مەترسی ماستێکتۆمی لەژناندا

لێکۆڵینـــەوی توێژەرانی ئەنســـتیتووی ســـینگ لـــە لەندەن



نیشـــانی داوە کە مەترسی ماســـتێکتۆمی (بڕینـــی مەمکـــی ژنـــان بەهـــۆی شـــیرپەنجە) و مـــردن لەو ژنانەیدا کە پـــاش تەمەنی ٤٠ ســـاڵ، جارێک لەساڵدا مامۆگرافـــی (عەکســـبەرداری لەســـینگ) دەکـــەن، بەهـــۆی دەستنیشانکردنی بەوەختی شیرپەنجەی مەمک زۆر کەمترە لەو ژنانەی کە مامۆگرافی ناکەن.

لە ئانژیۆپلاستیدا لە ڕێگای خوێنبەرێکی دەست یا لاڕان(گەڵ) کاتەترێکـــی بالۆنـــدار دەکرێتە نێو خوێنبـــەری کرۆنێر و بە باکردنی باڵۆنەکە ئەم ڕێگایەدەکرێتەوە.

## ڕەوژەن

### لە کۆنفرانسی کۆڵن دا، کورد بە یەکگرتوویی دەرکەوت

حسەین یەزدانپەنا

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کوردستان و لە ناوخۆیاندا، پڕش و بڵاو، ناکۆک و دژ بەیەکن.بەڵام لە کۆنفرانســـی ڕۆژانی ۷ و ۸ی ژانویـــەدا، بە ڕادەیەکی بـــاش یەکگرتوو و هاوهەڵوێســـت بـــوون. هەروەها لە هەڵبژاردنـــی شـــورای هەماهەنگیدا، هەمـــوو دەنگیان بـــە یـــەک دا و لـــە ئاکامـــدا، نوێنەرانی هەمـــوو لایەنە کوردستانییە بەشدارەکان، ڕێژەیەکی بەرزی دەنگەکانیان هێنایەوە.کەشـــوهەوای نێـــوان نوێنەرانـــی حیزبـــە کوردستانیەکان لەو کۆنفرانسەدا، لە گەڵ کەشوهەوای کوردســـتان وســـەر ماڵپەڕەکان و ناو بنکە و بارەگاکان، زۆر جیاواز بـــوو. بەرژەوەندیی نەتەوەیـــی و یەکڕیزی لە بەرانبەر ناخۆییدا دیواری ناکۆکییەکانی ڕماند بوو. ئەم یەکڕیزییە و سەرســـەختیان لە ســـەر بەرژەوەندییەکانی کورد، بووە هۆی ســـەرکەوتنی بەرچاو لەو کۆنفرانسەدا. بـــۆ یەکەمجار بیســـتم فارســـێک لە ماســـت کـــورد و ئازارەکانیـــدا، بە ئاشـــکرا و دەنگی بـــەرز، وەک فارس و ئێرانییـــەک شـــەرمەزاری دەربڕێ و داوای لێبـــوردن بکا. پـــاش ڕۆژ و نیوێک لـــە لێدوان و دەربڕینـــی دژ بەیەکی ڕەق و سەخت لە نێوان کوردەکان و فارسەکاندا لە سەر «هێمـــاکان»، « ئێران»، « کوردســـتان»، « مافەکانی کـــورد»، «ئێرانـــی ئازیز»، « مافی کـــورد».» تەواویەتی خاکی ئێران» کە هەر لایەک بە پێی ناسیۆنالیزمی خۆی، لەم چەمکانە دەدوان، فارسەکان، لە قووڵایی کێشەکە و لـــە هێـــز و سەرســـەختی کورد گەیشـــتن. کـــوردەکان دەیانگووت: لە ژێر ئاڵایەک دانانیشـــین بڕیاری خۆمانی لە ســـەر نەبـــێ، بـــۆ ئێمـــە مافەکانـــی نەتەوەکەمان لە ســـەروی هەمـــوو شـــتێکی دیکەوەیـــە، ئێرانێک کە مافـــی کوردی تیا پێشـــێل کـــراوە بۆ کورد پیـــرۆز نییە، ڕووخاندنـــی کۆماری ئیســـلامی بۆ کـــورد ئامانج نییە ، دابیـــن بوونی مافەکانی کورد ئامانجە بۆمان، ئێمە بە بەژنی خوێناوییەوە هاتووین بۆ دانیشتن لە گەڵ ئێوە، ئێمە هیچ هۆگری و خۆشەویســـتیەکمان بۆ پاراستنی تەواوەتـــی ئـــەرزی ئێـــران نییـــە.

لـــە لایان خۆم و پارتی ئازادیی کوردســـتانەوە، پیرۆزبایی لە هەموو لایەن و کەسایەتیە کوردستانیەکان دەکەم. ئاواتەخوازم لە کوردستان و لە پێوەندییەکانی خۆماندا، هـــەر کام بـــە پاراســـتنی ســـەربەخۆیی و سیاســـەتی خۆمانـــەوە، تەبایـــی و یەکڕیزی جێـــی ناکۆکیی و پڕش و بـــڵاوی بگرێتـــەوە و لە کۆبوونەوە و کۆنفرانســـەکانی داهاتووشـــدا، هاودەنـــگ وهاوهەڵوێســـت بین.کورد بۆ سەرکەوتن ڕێگایەکی بێجگە لە یەکگرتوویی و یەکڕیزی نییـــە